# كەسێتی سایكۆپاسیك لە رۆمانی
# (كۆشكی باڵندە غەمگینەكان )ی (بەختیار عەلی) دا

م.عەباس محەمەد قادر
مامۆستای یاریدەدەر / كۆلێجی زمان / زانكۆی سلێمانی

-پیشەكی
-پاری یەكەم : كەسێتی سایكۆپاسیك(Personality Psychopathic )
-زاراوەو پێناسەی سایكۆپاسیك.
-كەسێتی سایكۆپاسیك ، سروشت و تایبەتمەندیەكانی.
-هۆكارەكانی سەرهەڵدانی كەسێتی سایكۆ پاسیك:
پاری دووەم : كەسێتی سایكۆپاسیك لە رۆمانی (كۆشكی باڵندە غەمگینەكان ) دا
-كاراكتەری ( مەنگوڕی بابەگەورە ) وەك كەسێتیەكی سایكۆپاسیك.
-تایبەتمەندی سایكۆپاسیكی لە كەسێتی ( مەنگوڕی بابەگەورە )دا.
-گرنگی نەدان بە خۆشەویستی و ئافرەت و ژیانی هاوسەرگیری.
-كەسێتی ئاڵۆز و هەوڵدان بۆ دەركەوتن وەك كەسێكیتر جیاواز لەخۆی.
-سەرسامبوون بەكەسایەتیەكیتر و وێناكردنی وەك نمونەی باڵای خۆی.
-(ئیستیغلال) كردنی ئافرەت.
-رابردوویەكی پڕ لە كێشەو تاوان.
١ -دوو رەفتاری دژبەیەك لەیەك كەسدا (چاك و خراپ ).
٢ -هەردەم مەیلی دووبارە گەرانەوەی بۆ رابردووی پڕ لەتاوان.
٣ -گرتنەبەری هەموو ریگایەك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك.
-پەراوێزەكان
-ئەنجام
-سەرچاوەكان
-پوختەی توێژینەوەكە

پێشەكی:

لە زانستی دەروونناسیدا ، بەپێی تایبەتمەندی و هەڵسوكەوت و رەفتاری هەركەسێك ، دەتوانرێت جۆری كەسێتی دیارییكرێت ، یەكێك لەو جۆرە كەسێتیانە كە زانستی دەروونناسی دیاریكردووە ،كەسێتی سایكۆپاسیكە ، ئەمجۆرە لە كەسایەتی هەندێك تایبەتمەندی خۆی هەیە تارادەیەك جیای دەكاتەوە لەكەسانی دیكە ، بەڵام مەرج نییە وەك نەخۆشێكی دەروونی سەیربكرێت ، هەرچەندە رەنگە هەندێكجار سەربكێشێت بۆ نەخۆشی دەروونی ، ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت لەبارەیەوە بدوێین , یەكێكە لەو كەسێتیانەی كەلەرۆمانی ( كۆشكی باڵندە غەمگینەكانی ) ( بەختیار عەلی )دا دەردەكەوێت بەناوی ( مەنگوڕی باباگەورە ) ، كاتێك رۆمانەكە دەخوێنینەوە ، سەرجەم كاراكتەرەكان بە یەك شێواز دەردەكەون و خوێنەر لەبارەی هەریەكێكیانەوە تێگەیشتنێكی دیاریكراوی هەیەو تاكۆتایی هەروا دەمێنێتەوە ، بەڵام كەسێتی ( مەنگوڕی باباگەورە ) لەم تێڕوانینە بەدەرەو لەسەرەتاوە تاكۆتایی بەچەند شێوازێك خۆی دەنوێنێت ، جارێك شەرانگێزو جارێك چاكەخواز ، جارێك كەسێكی ئاسایی و جارێك مرۆڤێكی زۆر وریاو

دووربین لە ژیاندا ،هەندێکجار مرۆڤێکی سادەو هەندیکجاریش زۆر ئالۆز، بۆیە دەتوانین بڵێین کەسێتیەکە تائاستێکی زۆر جیاوازە لە سەرجەم کاراکتەرەکانی تری نێو رۆمانەکە, هەرلەبەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ببێتە جێی سەرنجمان و ئەم توێژینەوەی لەبارەوە بکەین و هەوڵبدەین لە رێگەی زانستی دەروونناسیەوە خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆبکەین.

ڕێبازی تویژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیەمان بە پێی رێبازی دەروونشـیکاری ئەنجمداوە و هەوڵمانداوە لەروونگەی زانسـتی دەروونیەوە،کە خەسـڵەتەکانی کەسێتی سـایکۆ پاسیکی دیاریکردووە، خوێندنەوە بۆیەکێك لە کەسـێتیەکانی نێو رۆمانەکە بکەین و شرۆڤەی بکەین و بەهێنانەوەی تێکستی نێو رۆمانەکە بۆچوونەکانمان بسەلمێنین.

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە ، بە بڕوای ئێمە لەوەدایە ،کە پێشتر کارێکی وا لەسەر ئەو رۆمانەبەگشتی و کەسێتی ( مەنگوڕی بابە گەورە ) نەکراوە، لەم روانگەیەوە بە گرنگمانزانی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین . لەکۆتاییدا هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێکی بچوکمان بە بواری توێژینەوەی ئەدەبی کوردی کردبێت.

کێشەی توێژینەوەکە:

کێشـەی سـەرەکی لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا نەبوونی سـەرچاوەبوو بە زمانی کوردی لەبارەی ئەمجۆرە لەکەسـایەتی ، بۆیە کەمترین سەرچاوەی کوردیمان بەکارهێناوە زیاتر پشتمان بەسەرچاوە عەرەبی بەستووە.

پاری یەکەم : کەسێتی سایکۆپاسیك(Personality Psychopathic )

- زاراوەو پیناسەی سایکۆ پاسیك:

زاراوەی سایکۆ پاسیك لە دوو وشە پێکهاتووە (psycho) سایکۆ بەواتای دەروون و وشەی (( path بەواتای کەسێك کە تووشبوویێت بە نەخۆشیەك ، دێت(١)، کەواتە کەسێتی سایکۆپاسیك (Personality Psychopathic) بەکەسێك دەوترێت کە لەرووی دەروونیەوە کیشـەیەکی هەبێت ، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێك وەك نەخۆشـێك لەرووی دەروونیەوە سـەیربکرێت ، بەڵگەش بۆ ئەوە کەسـانێك هەن کە خاوەنی ئەمجۆرە کەسێتیەن ( سایکۆپاسیکین ) و زۆر بەتوانان و تەنانەت گەیشتوونەتە ئاستی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتان . لەزمانی عەرەبیشـــدا زاراوەی ( الاعتلال النفســـي ) ی بۆبەکاردەهێنرێت و ئیمەش لە م توێژینەوەیەدا هەرزاراوەی ( سایکۆپاسیك ) بەکاردەهێنین لەبەر ئەوەی زاراوەیەکی کوردیمان بەرچاو نەکەوت کە بۆی بەکارهێنرابێت .

ســەبارەت بە پێناســەی کەســێتی ســایکۆپاســیك ، گەلێك لە زانایانی دەروونناســی تێروانینی جیاوازیان بۆی هەیەو هەریەکێکیان بە شێوەیەکی جیاواز پێناسەی کردووە ، یەکێك لەو پێناسە زۆربڵاوانە بەم جۆرە پێناسەی کردووە( سایکۆباتی بریتیەلە دۆخیکی نەخۆشی کەبەشـــێوەی هەڵچوونی رەفتاری دەردەکەوێت و دووبارە دەبێتەوە و کۆمەڵگا لەســـەری ســـزای دەدات ، بەبێ ئەوەی ئەم دۆخە پەیوەندی هەبێت بە لاوازی توانای هۆشەکی و نەخۆشەیکی ئەقلیەوە ).(٢)

هەرچی (داڤید کلارك ) دەڵێت ( خاوەنی کەسێتی سایکۆپاسیکی ، ئەو کەسانەن کە تێکچرژانێك لە هەڵس و کەوتیاندا بەدی دەکرێت و بەروونی پێیانەوە دیارە لە شێوازی تێکەڵبوونیان لەگەڵ دەوروو بەریاندا دەردەکەوێت ).(٣)

هەروەها (سـتریکر ) و (ابیو )ش پێیان وایە ( کەســـی ســـایکوباتی بریتیە لەو کەســـەی کە ناتوانێت ســـوود لە ئەزمونەکانی خۆی وەربگرێت و پابەند نابێت بە ئاکارەکانی کۆمەاگاوە ).(٤)

لەرێی ئەو پێناسانەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ( کەسێتی سایکۆپاسیك ) کەسێتیەکی ئالۆزەو رەنگە تەنها پێناسەیەك نەتوانێت هەموو لایەنەکانی بخاتەروو ، بەڵام دەتوانین لەو پێناسانەوە بڵێین کە کەسێتی سایکۆپاسیك ، کەسێتیەکە کە ئاستەنگی بۆ درووست دەبێت لە هەڵچوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکانیدا .

- کەسێتی سایکۆپاسیك ، سروشت و تایبەتمەندیەکانی:

وەك لە پێنا سەكانەوە هەندێك لایەنی كە سێتی سایكۆپا سیك روونكرایەوە ، بەڵام زانایانی دەرووننا سی زۆر لەبارەیەوە نوو سیویانەو سروشتی ئەم كەسایەتییەو تایبەتمەندیەكانیان زیاتر روونكردۆتەوە ،ئەمجۆرە كەسایەتیە ، كەسایەتیەكی ئالۆزەولەدوولایەنی سەرەكی ( حەز بۆ زاڵبوون و شـــەرانگیزی ) پێكدێت ، توانای هاوســـەنگی راگرتنی نییەلەگەڵ یاســـاو ریســـاكانی كۆمەڵدا و هیچ پلانێكی بۆ داهاتووی خۆی نییە ،لەهەڵس و كەوتیدا زیاتر سەرەرۆیەو شەرانگیز و فێڵبازەو توانای قەناعەتپێكردنی بەرامبەری زۆرە ئەوەش زیاتر لەلێزانینی لە شـێوازی قسـەكردندا دەردەكەوێت و بەردەوام وەك كەسـێكی بەتوانا خۆی پیشـاندەدات ، لەدرۆكردندا زۆر بلیمەتە و هەندێكجاریش پەنا بۆ دزیكردن دەبات بێئەوەی پێویسـتی بە پارەبێت ، زۆر رێگا دەگرێتەبەر لەپێناو بەدیهاتنی خواسـتەكانیدا ، گەر لەرابردوو یان بكۆڵینەوە پراوپڕە لە تاوان و كاری دژ بە كۆمەڵ ،قو ماركردن، ئالودەبوون بەمەی ، دزی ، كوشـــتن، ...هتد ، لەژ یانی هاو سەرگیریدا سەركەوتونین بگرە هیچ گرنگی بە ژیانی هاو سەرگری نادەن و ژن بەلایانەوە تەنها بۆ چێژوەرگرتنەو گرنگی بە لایەنی ســـۆزداری نادەن ، زۆرجار چیژ لەو كردەوە دژانە وەردەگرن كە دژ بە كۆمەڵ ئەنجامی دەدەن ، لەگەڵ ئەو تایبەتمەندی و سروشـــتە نەرێنیانەی كەباســـكران دەتوانرێت باس لە هەندێك لایەنی ئەرێنیش بكرێت لە كەســـایەتیاندا وەك ، زیرەكی ، تائاســـتێكی زۆر هە ندێكیان زیرەكن و بگەرە كەســـانێكیان هەن دەگەنە پلەی زۆر باڵا و دەوڵەمە ندو خاوەنكەســـایەتی لەكۆمە ڵدا ، زۆرجاریش كەسـایەتیكی بەهێز وەك نمونەی بالای خۆیان دادەنێن و هەمیشـە هەوڵ دەدەن بگەن بەئاسـتی ئەو یان لانی كەم وەك ئەوان وابن ،ئەمانەش بە ســـایكۆپاتیە داهێنەرەكان ناودەبرێن(٥) .لەبەر ئەوەی لەپارەكانی دواتردا بەشـــێوەیەكی پراكتیكی لەنێو رۆمانی ( كۆشـــكی باڵندە غەمگینە كان) دا لە كەســـێتیەك دەدوێین ئەویش ( مەنگوڕی بابەگەورە) یەو بەبڕوای ئێمە وەك كەســـێتیەكی ســـایكۆپاســـیكی دەدردەكەوێت لەم رۆمانەدا و لەزۆر لایەنەوە لە خەســـڵەتەكانی ئەم كاراكتەرەو یەكانگیربوونەوەی لەگەڵ جۆری كەسێتی سایكۆپاسیكدا ، بۆیە بە پێویستی نازانین لەمە زیاتر لەبارەی سروشت و تایبەتمەندیەكانی ئەم كەسایەتیەوە بدوێین .

-هۆكارەكانی سەرهەڵدانی كەسێتی سایكۆ پاسیك:

زانایانی دەروونناسی بۆ سەرهەڵدانی كە سێتی سایكۆپا سیك ، كۆمەڵێك هۆكاریان دیاریكردووە كەدەتوانین گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا كۆبكەینەوە:

١-هۆكاری دەروونی :

قوتابخانەی شـــیكاری دەروونیی ، جەخت لەســـەر قۆناغێك دەكاتەوە كە تیایدا كەســـەكە هیچ شـــتێكی بەلاوە گرنگ نییە جگە لە چێژوەرگرتن و تێركردنی غەریزەكانی ،بەبێگوێدانە دابونەریت و یاساكان لەكۆمەڵگادا.(٦)

٢-شێوازەكانی گەشەكردنی كۆمەڵایەتی :

ئەو شـــێوازەی كە خێزانە كان پەیڕەی دەكەن لە پەروەردەكردنی منالە كانیا ندا ، هەر لە ز یادەرۆییكردن لە ســـەربەســـتیپێدان و پارێزگاریكردنی زۆرەوە بۆ زێدەرۆییكردن لە سزادان و توندو تیژی بەرامبەریان تا دەگاتە پشتگوێخستنیان سەبارەت بە گرنگیدان بە بەهاو دابەنەریتە كۆمەڵایەتیەكان ، ئەمانە هەموو یاریدەدەرن بۆ سەرهەڵدانی هەندێك لایەنی كەسێتی سایكۆ پاسیكی.

بەندەر Bender لە توێژینەوە دەروونیەكانیدا ئەوەی خستۆتەروو كە پێنەدانی هە ست و سۆز و پشتگوێخستنی منداڵ بەتایبەت لە ســێ ســـاڵی یەكەمی تەمەنیدا ،هۆكارێكی بەهێزە بۆ لەرێدەرچوونی ، هەروەها هەندێك توێژینەوەی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە منداڵ هەندێك تایبەتمەندی ســـایكۆپاســـیكی لە نمونەی ئەو باوكە ســـایكۆ پاســـیكیانەوە فێردەبن كە هیچ بەهاو نرخێك بۆ یاســـاو دەسەڵات دانانێن.(٧)

٣-هۆكاری ئەندامی :

هەندێكجار كەموكوڕی جەســـتەیی كەســـێك دەبێتە هۆی هەســـتكردن بەكەمی لای مرۆڤەكەو لەئەنجامدا تۆڵە لە كۆمەڵگا دەكاتەوە وەك قەرەبوویەكی ئەو كەم و كوڕییەی ، یان وەك ئەوەی كە بیەوێت بەدەنگێكی بڵند هاواربكات كە كە ئەو ســـەرەرایی كەم و

كورتيەكەی لەوان بەهێزترە . هەر ئەمەشە كە (ئەدلەر ) بەپاڵنەری داهێنان ناوی دەبات و نابێت ئەوەشمان لەبير بچێت كە هەندێك لە سايكۆپاسيكەكان كەسانێكی زيرەك و داهێنەرن و بە گروپی (سايكۆ پاسيكە داهێنەرەكان ) ناودەبرێن. (٨)

٤-هۆكاری بۆماوەيی :

هەندێك لەدەروونناسان پێيان وايە كە بۆماوەيی رۆڵی هەيە لە دروستبوونی كەسێتی سايكۆ پاسيكدا ، بۆ سەلماندنی ئەم تێڕوانينەيان پشتدەبەستن بەچەند خاڵێك وەك ،( دەركەوتنی ئاماژە سايكۆپاسيكييەكان لەمنداڵيدا و بوونی كەسانێتری خاوەن هەمان كەسايەتی لە بنەماڵەكانياندا و هەروەها ئاستی بەرگری ئەوان بۆچارەسەرەكا )، بەڵا دەروونناسانێكيش هەن كە پێيان وايە ئەو ئاماژانە بەڵگەی كاريگەری بۆماوەيی نين لەبوونی كەسێتی سايكۆپاسيكدا ،چونكە كاريگەری گەشەی كۆمەڵايەتی دوای لەدايكبوون دەستپێدەكات و شێوازی فێربوونی رەفتارەكان بە درێژايی ژ يان بەردەوا مدەبێت و لاسايكردنەوەش لەخێزا ندا ئەم دۆخە ز يادده كات ، نەك بۆماوەيی . (٩)

پاری دووەم : كەسێتی سايكۆپاسيك لە رۆمانی (كۆشكی باڵندە غەمگينەكان ) دا

- كەسێتيەكی سايكۆپاسيك لە رۆمانی ( كۆشكی باڵندە غەمگينەكان)دا

كاتێك كە رۆمانی (كۆشكی باڵندە غەمگينەكان ) دەخوێنينەوە لەنێو هەموو ئەو كاراكتەرانەی كە نووسەر پێمان دەناسێنێت و رۆڵيان هەيە لە رۆمانەكەدا ، كەسێتيەك دەبينين كە تەواو جياواز دەردەكەوێت لەوانی تر ، سەرجەم كەسێتيەكانی ديكە هەر لەسەرەتای دەركەوتنيانەوە و ئەو رۆڵەی كەدەيبينن و ئەو وەسفەی كە نووسەر بۆمان دەكات تاكۆتايی رۆمانەكە ،دەتوانين پێشبينی هەڵس و كەوت و تايبەتمەندی كەسێتيەكانيان بكەين ، وەك ئەوەی كاراكتەرێكيان مرۆڤێكی چاكە خوازە و بەردەوام وا دەردەكەوێت يان يەكێكيتريان مرۆڤێكی رۆشنبيرەو ئەويتريان كەسێكی كۆمەڵايەتيە هەروا دەمێنێتەوە تاكۆتايی ، واتە كەسێتيەكی جێگيريان هەيەو هەست بە رووداوی رووداوێكی كوتوپڕو جياواز لە كەسێتی كاراكتەرەكان ناكەين ، بەڵام ئەم تێڕوانينە سەبارەت بە كەسێتی ( مەنگوڕی بابەگەورە ) جياوازە ، ئەو كە هەر لەسەرتای دەستپێكی رۆمانەكەوە خۆيمان پيشاندەدات و ئەگەرچی كاراكتەری سەرەكی يان راستتر بڵێين پاڵەوانی رۆمانەكەنييە ، بەڵام داينەمۆی رووداوی رووداوەكانەو بەردەوام بە شيوەيەكی ,ئەگەر راستەوخۆش نەبێت , ئەواناراستەوخۆ ئامادەيی هەيە لە ديمەن و رووودوەكاندا.

(( يەكێك لە ئێوارە ساردەكانی زستان بوو كە مەنگوڕی بابەگەورە و كامەرانی سەلما لەسەر سيلەی يەكێك لە كۆڵانەكاندا مەنسور ئەسرينيان بينی ...))(١٠) لەم دێڕەدا هەرلەسەرەتای رۆمانەكەوە يەكەم ناو كە خوێنەر پێی ئاشنادەبێت (مەنگوڕی بابەگەورە) يە، ئەم كەسايەتيە نووسەر وەك مرۆڤێكی داناو هۆشيارەپيشانمان دەدات و ئامۆژگاری كامەرانی سەلمادەكات تاكو هەڵە نەكات ((.. مەنگوڕی بابە گەورە كەدانا ترين هاورێی بوو پێشنيازی ئەوەی بۆ كردبوو بەرلەوەی دەستبداتە هيچ كارێك لەگەڵ مەنسووردا قسەبكات ))(١١) لەگفتوگۆی لەگەڵ كامەراندا دەڵێت(( هيچ كەسێك تائێستا شتێكی راست دەربارەی پەيوەندی سەوسەن فيكرەت و مەنسور نازانێت ...ناكرێت تۆ ئەوەندە هەڵەشەو بێهۆش بيت ، بێ هيچ قسەيەك و بەڵگەيەك كەسێك بكوژيت ))(١٢) لێرەدا دەبينين ئەو وەك كەسێكی ئامۆژگاری كەرو چەكە خواز دەردەكەوێت و رەنگە پێش ئەوەی ئەم دێڕانەی دواتر بخوێنينە تێگەيشتنێكی باشمان بۆی هەبێت ، بەڵام نووسەرراستەوخۆ دوای ئەم ديالۆگە وەسفێكی كەسێتی (مەنگوڕی بابەگەورە)مان بۆ دەكات كە تێڕوانينی پێشومان ئاوەژوو دەكاتەوە وەك دەڵێت (( مەنگوڕ خۆی لە ناسراوترين و كۆنترين چەقۆكێشەكانی شاربوو ...)). (١٣)

دواترو لەوەسفی شوێنی يەكتر ناسينی كامەرانی سەلماو مەنگوڕی بابەگەورەدا ،نووسەر ئەوجێگەيەمان بۆ وێنا دەكا كەلەرووی كلتووری كۆمەڵگای كوردييەوە ناپەسەندەو زياتر ئەو كەسانە رووی تێدەكەن كە بەكەسانێكی خراپ و ناپەسەند لەكۆمەڵدا دادەنرێن ، وەك دەڵێت :(( ...ساڵێك لەوەوبەرو لەكاتی قوماردا لەژێرزەمينی ئوتێلێكی ناسراودا ناسيبووی ،ئوتێلێكی چڵكن و كۆن كە ناوبانگی خۆی يەكەمجار لە پيسی و پۆخڵی و دووەميش لەوەوە وەرگرتبوو كە كۆمەڵێك لە شارەزاترين و دڵرەقترين قومارچيەكان ياری تێدا دەكەن ...)). (١٤)

لەوەسفی خودی ئەوکەسایەتیەشدا کە نووسەر بۆمان دەکات ئەوە دەردەکەوێت کە یەکێك لەو هۆکارانەی وای لەمەنگوڕ کردووە مرۆڤێکی چەقۆکێش و قومارچی دەرچێت هەستکردنبووە بە کەموکورتی جەستەیی (وەك پێشتریش لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی کەسێتی سایکۆپاسیکدا باسکراوە ) ،ئەمەش وەك پەرچەکردارێك لەرەفتاریدا رەنگدەداتەوە ، هەوەك چۆن (ئەدلەر ) پێی وایە کە زۆرجار هەستکردن بەکەمی هۆکاری هەندێك رەفتارە لای مرۆڤ تاکو قەرەبووی ئەو کەمووکوڕیەی پێبکاتەوە تادەگاتە ئاستی داهێنان، وەك دەڵێت ((بەدرێژایی ژیانی وەك کە سێکی کورت و کونج و سەر رووتاوە دەبایە درندەترو بێرەحمتربێت بۆئەوەی بژی ، لەشارێکی بێرەحمی وەك ئێرەدا ، ئەو وەك پیاوێکی ناشیرین دەبایە دەجار لەوانی دی زیاتر هونەری ژیان بزانێت ، بۆ ئەوەی بمێنێتەوەو نەخورێت و فەرامۆش نەکرێت ))(١٥) دەروونناسان ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە هەندێکجار کەموکوڕی جەستەیی یان هەستکردن بە ( نقس ) وا لەمرۆڤ دەکات لەوانیتر بەتواناتربێت ، بەڵام ئەو بەتوانابیە مەرج نییە هەمووکاتێك خەسڵەتێکی ئەرێنی هەبێت ، بەڵکو هەندێکجار سەردەکێشێت بۆ لایەنە نەرێنیەکان.

تایبەتمەندیە سایکۆپاسیکیەکان لە کەسێتی (مەنگوڕی بابەگەورە ) دا

دیارە وەك پێشتریش لەبارەیەوە دواین ، لەروانگەی زانستی دەروونناسیەوە ، کە سێتی سایکۆپاسیك جۆرە کە سێتیەکی دیاریکراوەو کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەبوو کە پێشتر ئاماژەمان پێدان ، لێرەداو بۆمەبەستی سەلماندی ئەو بۆچوونەمان کە کەسێتی (مەنگوڕی بابەگەورە ) لە رۆمانی ( کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) دا وەك کەسێتیەکی سایکۆپاسیك وێناکراوە ، دیارەئەمەش ئەوە دەردەخات کە رۆمانەکە رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردییە ،کەوەك هەموو کۆمەڵگەکانیتر بەدەرنییە لەبوونی کەسانی لەو خاوەن کەسایەتیە و ،نووسەر کەسێتیەکانی لە نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە وەرگرتووە، چونکە وەك دەزانرێت سەردەمانێك لەهەموو شارەکانی کوردستاندا بەگشتی و لە سلێمانی بەتایبەتی کە شوێنی رووداوەکانی رۆمانەکەیە ، کەسانی چەقۆکێش زۆربوون و لەناو خەڵکیدا دەناسرانەوە .جیالەمەش بەپێویستی دەزانین ئەو تایبەتمەندیانە لەهەڵس و کەوت و سروشتی کەسێتی (مەنگوڕی بابەگەورە) دا هەیە پیشان بدەین و لەبارەیەوە بدوێن وەك بەڵگەی سەلماندی توێژینەوەکەمان .بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەدوو لایەن بکەین ، یەکەمیان وەك لە زانستی دەروونناسیدا باسدەکرێت مەرج نییە سەرجەم ئەو سیفاتانەی کە زانستی دەروونناسی دیاریکردووە لەو کەسانەدا هەبێت ئینجا بە کەسێکی سایکۆپاسیك دابنرێت ، بەڵکو دەکرێت رێژەیەکی ئەو سیفاتانەی تێدا هەبێت . دووەمیشیان ئەوەیە کە خاونی ئەم کەسایەتیانە مەرج نییە لەرووی دەروونیەوە بە نەخۆش دابنرێن ، چونکە کەسانێکیان تێدا دەردەکەوێت کە دەگەنە ئاستی زۆر بالا لە کۆمەڵداو تەنانەت سەرکردەو ولات بەرێوەدەبەن هەروەك پێشتر باسکرا.

ئەوتایبەتمەندیانەی لەم کەسایەتیەی نێو رۆمانەکەدا دەبینرێت و وەك کەسێکی سایکۆپاسیك دادەنرێت بریتین لە:

١- گرنگی نەدان بە خۆشەویستی و ئافرەت و ژیانی هاوسەرگیری:

یەکێك لەو تایبەتیانەی کە لەم کەسانەدا دەبینرێت ئەوەیە کە گرنگی بە خۆشەویستی رەگەزی بەرامبەر نادەن وپیاوایان (کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە ) بەلایانەوە ژیانی هاوسەرگیری و ئافرەت گرنگیەکی ئەوتۆی نییە (١٦ )،هەروەك لە دیالۆگی(مەنگوڕی بابەگەورە) لەگەڵ (مەنسور ئەسرین) دا دەبیرێت ، کاتێك دەیەوێت رازیبکات کە واز لە ( سەو سەن فیکرەت) بهێنێت بۆ ( کامەرانی سەلما) ی هاورێی ، پێی دەڵێت (( جێی داخە کاك مەنسور کە تۆ پێدەچێت باش لە قسە تێنەگەیت .من گوتم گەرتۆ عەرقەلە نەخەیتە ئیشەکەوە هەموو شتێك وەك گوڵ دەڕوات ، مەسەلەکە هەروا ئاسان نیە ، شتێك مەنگوڕی بابەگەورە قسەی تیابکات ، هەروا ئاسان ناتوانیت بڵێیت ،من لە دڵمدا دەری ناهێنم و نازانم چی ، ئەم قسە قۆڕانە لەبەردەم مندا مەعنایان نیە ، .. هیچ ژنێك نیە ئینسان نەتوانێت لەدڵی خۆی دەریبهێنێت . دەرهێنانی ژنێك لە دڵی خۆت ، لە داکەندنی جووتێك گۆرەوەی ئاسانترە ..من وەکو تۆ وەختێك گووتوومە ناتوانم فلانەژن لە خەیاڵی خۆم دەربکەم ، بەیانی کە پارچەیەکی جوانترو عەیارترم بینیوە گاڵتەم بە عەقڵی دوێنێم هاتووە ، ئەگەر تۆش ئەمرۆ عاقڵ بیت ، سبەی گاڵتە بە عەقڵی ئەمڕۆت دەکەیت ))(١٧). لەم دیالۆگەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەت لای ئەم تەنها بۆ کاتبەسەربردنەو خۆشەویستی هیچ بەهایەکی نییە ، بەڵکو بەکارهێنانی گوزارشتی ( جووتێك گۆرەوی) بەرامبەر

ئافرەت ئەو پەڕی ســـوکایەتیە بە ئافرەت و بێبایەخیەتی لای ئەو . ئەمەســـەرەرای ئەوەی کە ژنی نەهێنابوو ، ژن نەهێنان و گرنگی نەدان بە ژیانی هاوســەرگیری یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی کەســێتی ســایکۆپاســیك ، وەك دەبینین لە شــوێنێکی تری رۆمانەکەداو لەوەسـفی ئەم کەسـایەتیەدا نووسـەر دەڵێت (( بیریکردەوە گەر ژنی بهێنایە و منداڵی ببایە ئێسـتا زارۆکەی لەتەمەنی کامەراندابوو ..))(١٨) .هەوەها لە دیالۆگێکی تریدا لەگەڵ کامەرانی سـەلمادا ، تەواو تێروانینی خراپی ئەومان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە ئافرەت ، وەك دەڵێت ((...کامەران تۆ منداڵیت ...تۆ هیچ شـتێك لە ژن تێنەگەیشـتویت ، هەموو ئەو ناسکیەی لەدەرەوە دەیبینیت هیچ نییە جگە لە توێکڵێکی تەنك ، ناسـکیەکەیان لە سـەرتوێژی ماسـت ، لە توێکڵی پیاز تەنکترە ، هیچ کەس نییە بزانێت بیر لەچی دەکەنەوە ...من گەر بمزانییایە چۆن بیر دەکەنەوە ، سـەد ژنم دەهێنا ...))(١٩)، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین ئەم کەسـایەتیەی نێو رۆمانەکە تەواو تێروانی خراپی هەیە بەرامبەر بە خۆشەویستی و ئافرەت و ژنهێنان و زۆرێك لە کەسانی سایکۆ پاسیك تا دەمرن ژن ناهێنن ، هەروەك مەنگوریش لە رۆمانەکەدا کەسێکە ژنی نییەو ناشیهێنێت.

٢-کەسێتی ئاڵۆز و هەوڵدان بۆ دەرکەوتن وەك کەسێکیتر جیاواز لەخۆی.

ئەمجۆرە کەسـایەتیانە هەردەم لەهەڵی ئەوەدان کە وەك کەسـێکی بەتواناو سـەرکەوتوو خۆیان بنوێنن و بۆئەم مەبەسـتەش هەموو جۆرە نواندنێك دەکەن بەتایبەت لە گفت و گۆو پۆشـینی جل و بەرگ و شـێوازی دانیشـتن و ..هتد ،هەروەها بەهۆی ئەو نواندنانەی کەدەیکەن وەك کەســێکی ئاڵۆز دەردەکەون و بەئاســانی ناتوانین لێیان تێبگەین ، دەتوانین ئەم تایبەتمەندیانە لە هەڵس و کەوتو گفت و گۆکانی ( مەنگوڕی بابەگەورە) دا ببینین ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە نووسەر خۆی ئەم کەسایەتیەمان وەك کەسێکی ئاڵۆز پێ دەناسـێنێت ، وەك لەوەسـفی کەسـێتی (مەنگوڕ) دا دەڵێت: ((مەنگوڕ خۆی مامۆسـتای قسـەکردن بوو ، دەیزانی چۆن وشـەی جوان تێکەڵ بە زمانی سـەرسـەری و شـەلاتییەکانی ناو بازاڕ بکات ، بەخۆی دەگوت من تێکەڵەیەکم لە شـەلاتی و مەلای دوانزە عیلم ، لە بودەڵەو پیاو ماقوڵ . هەرکەس ناسـیبێتی ، زانیوێتی مەنگوڕ لەو وەسـفەدا لەسـەر هەقە ...))(٢٠).کەواتە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم کە سایەتیە تەواو ئاڵۆزەو بەیەکجۆر خۆی نمایش ناکات ، ئەو کە وەك کە سێکی شەرانی دەردەکەوێت ، لەهەمانکاتدا وەك کە سێکی ئا شتی خوازیش دەیبینین ، هەروەها کاتێك روودەکاتە مەنسورو پێی دەڵێت (( شتێك هەیە عەزیزم حەزدەکەم بە خۆ شی بیبڕینەوە ...باوەڕتبێت حەزدەکەم بەخۆشـــی تەواویبکەین .. ئێمە حەزمان لەشـــەڕ نییە ، بەدرێژایی ژیانم خەڵك دەڵێن مەنگوڕی بابە گەورە حەزی لە شەڕەچەقۆیە ، بەڵام وانییە ...))(٢١).لەگەڵ ئەوەی شانازی بە توانای خۆیەوە دەکات لە شارەزایدا لە چەقۆکێشان وشەردا ، بەڵام شـانازیش بەوەوە دەکات کەتائێسـتا کەسـی نەکوشـتووە ،((.. ئێسـتا پتر لە سـی سـاڵبوو لەگەڵ چەقۆکێش وقومارچیەکانی ئەم شــارەدا تێکەڵاوبوو ، بێئەوەی کەس بکوژێت ، لەگەڵ ئەو هەموو بەزمە ترسـناکەدا کە بینیوێتی دەتوانێت شـانازی بەوەوە بکات کە مەنگوڕی بابەگەورە کە سی نەکو شتووە ، هیچ شتێك لەوە خۆ شتر نیە مرۆڤ پیاوکوژنەبێت ، ئەوە لەزەتێکە تەنیا ئەوانە دەیزانن کە وەك ئەو هەردەم لەســـەر ئەو هێڵە وەســـتاون کە مرۆڤی ئاســـایی لە پیاوکوژ جیادەکاتەوە ، هێڵێکە کەم کەس وەك ئەو دەتوانێت ماوەیەکی درێژ لەســـەری بوەســـتێت ، بێئەوەی بکەوێت ..))(٢٢).لەم دیمەنانەدا کاراکتەرێك دەبینین کە ناتوانرێت وەك مرۆڤێکی ئاســـایی ســـەیربکرێت ، لەلایەك تەمەنێکی دوورو درێژ لەناو چەقۆکێش و قومارچەیکاندا ژیاوە ،(وەك دەزانرێت ژیان لەگەڵ ئەو کەســـانەدا ئاســـان نییە) ،خوێنەر کاتێك ئەو ســـیفاتانەی دەبینێت ئەوەی لا دروســـت دەبێت کە دەســـتی بەخوێنی چەندین کەس ســـووربوو‌بێت ، لەلایەکی تریشـــەوە پێچەوانەکەی دەبینین، ئەو ســـەرەرای ئەو ناوبانگەی کە هەیەتی لە چەقۆکێشـــاندا شـــانازیش بەوەوە دەکات کە تائێســـتا ،یەك کەســـیشـــی نەکوشـــتووە . ئەم ســـیفاتانە تەواوبۆمان دەردەخات کە مەنگوڕی بابەگەورە وەك کەسێتیەکی سایکۆپاسیکی رەفتاردەکات و نووسەریش بەوجۆرە وێنایکردووە .

٣-سەرسامبوون بەکەسێتیەکیتر و وێناکردنی وەك نمونەی باڵای خۆی:

لەرۆمانی کۆشـــکی باڵندە غەمگینەکاندا کاراکتەرێکی نائامادە (غائب )زۆرجار ناوی دێت ، بەڵام خۆی هیچ رۆڵێك نابینێت تەنها لە سەر زاری مەنگورەوە دەیبیـستین ، ئەویش ( یو سف کەویار) ەکە هەمووکات بە (یو سف کەویاری گەورە ) ناوی دەبات ، ئەمیش

دیسان لە کەسە بەناوبانگەکانبووە لە شەڕوچەقۆکێشاندا ، بەڵام لەرۆمانەکەدا وەك کەسێکی کۆچکردوو باسدەکرێت ، مەنگوڕ تەواو پێی سەرسامەو هەمیشە وەك نمونەیەکی باڵای خۆی لێی روانیوەو بەردەوام بە گەورەییەوە باسیدەکات ، تەنانەت بۆیە (کامەرانی سەلما)شی چووەبەدڵدا چونکە وەك خۆی دەڵێت هەندێك شتی لە (یوسف کەویار) دەچێت ،((... ئەوشەوە بەراستی تێگەیشت ئەم کوڕە بەهرەکی گەورەیە ، شێوەی شەڕکردن و پەلامارداني (یوسف کەویار)ی هێنایەوە یاد ، بەناوبانگترین چەقۆکێشی شەستەکان ، کەلە ساڵی حەفتاوچواردا لەبۆردوومانێکی فرۆکە دەوڵەتییەکاندا لەناوچەی پشدەر تیاچوو ..)) (٢٣).لە دیمەنێکیتری رۆمانەکەدا و روو لەکامەران دەکات و باسی گەورەیی و سەرسامی خۆی بە یوسف کەویاری بۆ دەکات و دەڵێت (( ...تۆ یوسف کەویارت نەدیبوو ،لەبەر ئەوە نازنیت چ بەهرەیەك بوو ،چ ئازاییەکی خواکردبوو ...)).(٢٤)

٤-(ئیستغلال) کردنی ئافرەت:

ئافرەت لای (مەنگوڕی بابەگەورە )جگە لەوەی کەرەستەیەکە بۆ چێژوەرگرتن و کات بەسەر بردن ، شتێکیتر نییە ، بەلای ئەوەوە گۆڕینی ئافرەتێك بە ئافرەتێکیتر لە داکەندنی جوتێك گۆرەوەی ئاسانترە، وەك ئەوەی کاتێك داوا لە مەنسوری ئەسرین دەکات کەواز لە ( سەوسەن ) بێنێت ، ئەویش دەڵێت(( ...دوومانگە شێتانە عاشقی ئەوبووم ، بەناوی ئەو خۆشەویستییە قوڵەی لە دڵمدایە داواتان لێدەکەم واز لەسەوسەن بهێنن ))(٢٥) پێی دەڵێت (( ... مەسەلەکە هەروا ئاسان نییە ز شتێك مەنگوڕی بابا گەورە قسەی تیابکات ، هەروا ئاسان ناتوانیت بڵێیت ، من لەدڵمدا دەریناهێنم و نازانم چی . ئەم قسە قۆڕانەلەبەردەم مندا مەعنایان نییە ...هیچ ژنێك نییە ئینسان نەتوانێت لەدلی خۆی دەریبهێنێت .دەرهێنانی ژنێك لەدڵی خۆت ، لەداکەندنی جووتێك گۆرەوی ئاسانترە ... من وەك تۆ وەختێك گوتوومە ناتوانم فلانەژن لە خەیاڵی خۆم دەربکەم ، بەیانی کە پارچەیەکی جوانترو عەیارترم بینیوە ، گاڵتەم بە عەقڵی دوێنێم هاتووە ، ئەگەر تۆش ئەمڕۆ عاقڵ بیت سەبەی گاڵتە بەعەقڵی ئەمڕۆت ئەکەی ))(٢٦)تەنانەت گاڵتەی بەخۆی هاتووە گەر بۆ چەند رۆژێك عاشقی ئافرەتێك بووبێت ئامۆژگاری مەنسوریش دەکات کە هیچکاتێك خۆی نەبەستێتەوە بە ئافرەتێکەوە بەلکو وەك کالایەك سەیریان بکات ، ژن لای ئەم وەك (پارچەیەك ) سەیرکراوە نەك وەك مرۆڤێك ، پارچەیەکی جوانترو عەیاتر شایانی ئەوەیە ئەوانی پێشووی بۆ بسڕیتەوە لەدڵتا.

٥-ئەنجامدانی کاری ناپەسەند لە پێناو ئامانجێك دا.

یەکێك لەو تایبەتمەندیانەیکەلە هەڵس و کەوتی ئەم کەسێتیە لەرۆمانەکەدا دەیبینین ئەوەیە کە ویستوویەتی هاوکاری و پشتگیری ( کامەرانی سەلما ) بکات لە گەشتەکەیدا لە پێناوگەیشتن بە (سەوسەن) دا کردبووی، ئەو لەم پێناوەدا پەنای بۆ هەندێك کاری نەشیاوو ناپەسەند بردووە تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی پارەدا تاکو بینێرێت بۆ (کامەران ) و درێژەبە گەشتەکەی بدات ، مەنگوڕ لەرۆژانی گەشتەکەی دا، بەدزی و تاڵانی و قاچاچێتی مەی، پارەی بۆ کامەران پەیدا کردووە(( هەندێك کەس دڵنیابوون مەنگوڕ لەو دەمەدا لە قاچاخچێتی مەشروبەوە بۆ ئێران ئاڵاوە .... لەوەش بترازێت دەنگۆیەکی گەورە هەبوو کە هەندێك لەوانەی لەدەوری مەنگوڕن لەپشت بڕینی هەندێك دوکان و کۆگای زەڕنگەرو قاسەی ماڵانەوەن ... پۆلیس ماوەیەك قەپۆز جوقڵی و لچ قۆقز و سامانی کیسرا و هوشەجوو یان بەتۆمەتی دزیکردن گرت ، کەهەرچواریان لە پیاوە نزیکەکانی مەنگوڕبوون ... زۆرکەس باوەڕشی تەواویان هەبوو کە مەنگوڕ دەستێکی لەو دزیە گەورانەدا هەیە کە دەکرێت )).(٢٧)

کامەرانیش ئەو راستیەی بۆ دەرکەوتبوو زانیبووی کە مەنگوڕ لەپێناوی ئەودا چیکردووە و چۆن پارەی بۆ پەیداکردووە ، ((لەهەموو ساڵەکانی سەفەردا ،ئەو بەو یارمەتییە بەردەوامانە ژیابوو کە مەنگوڕبۆی ناردبوو ،ئەو ساڵ دوای ساڵ خۆی لەخراپەو قاچاغ و دزییەوە ئاڵاندبوو بۆئەوەی بەدەنگ ئەوەوە بێت ، زۆرجار زیاد رۆیشتبوو ،هەندێك کات شتەکانی لەدەست دەرچووبوون ، بەڵام ئەوە مەنگوڕبوو ، ئەوە ئەو بوو ، مرۆڤێك بەشێوەی خۆی کۆمەکی بەو دەکرد ، بەو شێوەیەی لەسەری گەورەبووە ،بەو کەرەستانەی خەیاڵی بۆیان دەچوو،بەو ڕێگایانەی لەمنداڵی و گەنجێتییەوە لەناو چەقۆکێش و دزوقومارچیەکاندا فێری بووبوو ))(٢٨). کەسایەتیەك

بەرێگایەکی نا شەرعی و ناپە سەند لەکۆمەڵگادا بیەوێت پارەپەیدابکات تاکو هاوکاری هاورێیەکی بکات ، ئەمەخۆی لەخۆیدا لەرووی دەروونناسیەوە دەچێتە خانەی تایبەتمەندی کە سێتیەیکی ئاڵۆزەوە و لەگەڵ کە سێتی سایکۆپا سیکیدا یەکانگیر دەبێتەوە ، بەتایبەت کەئاماژەی ئەوەش هەیە کە ئەم کاراکتەرە رابردوویەکی لەگەڵ ئەو کارانەدا هەیەو لەســـەری راهاتووەو لەگەڵیدا گەورەبووە ، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە پێشـــتر رەنگە تەنها بەدەســـتهێنانی پارە بۆخودی خۆی ئەوکارەی کردبێت ، بەڵام ئیســـتا لەپێناو هاورێیەکیدا دەیکات .

٦-رابردوویەکی پڕ لە کێشەو تاوان:

ئەمجۆرە کەسێتیانە ، هەرچەندە نواندن بکەن و خۆیان بەشێوەیەکی باش پیشانبدەن ، کاتێك لە رابردوویان دەکۆڵیتەوە ئەوا دەبینیت رابردوویەکی خراپیان هەیەو تاوان و کاری خراپ و شـــەرانگێزی و نابەجێیان کردووە لە کۆمەڵدا . لەم رۆمانەشـــدا ( مەنگوڕی بابە گەورە) گەرچی وەك کەسـێکی چاك خۆی دەنوێنێت ،بەڵام نووسـەر لەچەندین شـوێندا وێنای رابردووی ئەم کاراکتەرەی کردووە ، کە لێوان لێوە لە کێشەو تاوان .هەرلەسەرەتای دەستپێکی رۆمانەکەدا نووسەر بەمجۆرە ئەم کاراکتەرەمان پێدەناسێنێت ،((مەنگوڕ خۆی لەناسراوترین و کۆنترین چەقۆکێشـــەکانی شـــاربوو ))(٢٩).هەروەها لەدیمەنێکی تردا ( فیکرەتی ) باوکی ( ســـەوســـەن ) یەکێك لە کاراکتەرەکانی نێو رۆمانەکە زۆر بەگومانەوە لە (مەنگوڕ) دەروانێت و کچەکەی لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە بە قســـەخۆشـــەکانی تێنەکەوێت ئەو لەپاڵ ئەو قســـەخۆشـانەیدا دەگونجێت کەسـێکی ترسـناك بێت ،چونکە وەك ئەو بە کچەکەی دەڵێت ئەوە نەریتی چەقۆکێشەکانی شارە ، (( فیکرەت هەمووجار کیژەکەی ئاگادار دەکردەوە کە توانای مەنگوڕ لەسەر قسەی خۆش و خەیاڵ بەشێکە لە کلتوری چەقۆکێشـانی شـارەکە ،بەشـێکە لە ژیانی رۆژانەیان ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە خەڵکی پاك و بێزیانن ،بەڵکو لەپاڵ ئەو قسەخۆشی و زمان شیرینییەشدا دەتوانن گەلێك شەرانی بن ))٠(٣٠)سەبارەت بە سەرەتای یەکتر ناسینی (مەنگوڕ و کامەرانی سەلما) بەمشێوەیە لەرۆمانەکەدا هاتووە ، (( ...ساڵێ لەوەوبەر لە کاتی قوماردا لە ژێرزەمینی ئوتێلێکی ناسراودا ناسیبووی ، ئوتێلێکی چڵکن و کۆن کە ناوبانگی خۆی یەکەمجار لە پیســـی و پۆخڵی و دووەمیش لەوەوە وەرگرتبوو کە کۆمەڵێك لە شـــارەزاترین و دڵرەقترین قومارچیەکان یاری تێدا دەکەن ))(٣١) . ئەوەی لێرەدا پێویســـتە ئاماژەی پێبدەین پەیوەســـت بە خاڵە ئەوەیە کە نووســـەر دەیەوێت ئەوە بگەیەنێت کە ئەو شوێنەی ئەمان و بەتایبەت مەنگوڕ هاتووچۆی کردووە شوێنێکی کۆنی پیس کە تەرخانکراوە بۆ قوماركردن و ئەمەش وەك ئاماژەیەك دەردەکەوێت بۆ دڵرەقی شەرانگێزی ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەو جێگەیەیان کردووە، هەر لەسەر زمانی خودی مەنگوڕەوە ، نووسـەر وەسـفی دڵرەقی و بێبەزەیی ئەو کەسـانەی کردووە کە لەوشـوێنەدابوون یان هاتووچۆی ئەو شـوێنەیان کردووە لەسەر شتی زۆر بچوك و بێبەها دەستیان چۆتە خوێنی یەکتری ، وەك دەڵێت (( ... هەندێکیان لەسەر شتی زۆر لە پارە بچوك و بێماناتر دەستیان خوێناوی بووبوو )).(٣٢)

٧- چێژ وەرگرتن لەبینی شەڕ و ئازاردانی کەسانیتر:

ئەمجۆرە کە سێتیانە بەوە پێنا سە دەکرێن کە چێژ دەبینن لە ئازاردانی کە سانیتر ، مەنگوڕ لە دیمەنێکدا کەلەگەڵ ( کامەرانی سەلما ) دەیانەوێت ( مەنســـور ) رازی بکەن تاکو واز لە ( ســـەوســـەن فیکرەت ) بهێنێت ، چونکە( کامەران ) دەیەوێت خوازبێنی بکات ، هەرچەند هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدەن، بەڵام ئەو رازی نابێت ، (کامەران)یش وەك گەنجێکی خوێن گەرم و عاشق و هاوڕێی کەسانی چەقۆکیش خۆی پێڕاناگیریت و چەقۆکەی دەردەهێنێت و چەقۆیەك لەســـەر ســـنگی ( مەنســـور ) دەدات ،(( ...کامەران قســـەکانی مەنســـوری وەك ســـوکایەتی وەرگرت ،....بێئەوەی بیربکاتەوە چەقۆکەی دەرهێنا .مەنگوڕ لەســـاتێکی غەفڵەتدا بەو خوێنگەرمییەی کامەران سەرسامبوو ، ئەگەر بیست ساڵ لەوەوبەر بایە ، خۆشی هەمانشتی دەکرد ، خۆشی بەهەمان تورەیی و سەرگەرمی و خێرایی دەســـتی بۆ چەقۆکەی دەبرد ، بەهەمان خێرایی پەلاماری دەدا ، بەهەمان شـــێتی و نەگیران و نەســـەکنانەوە . ))(٣٣) دەبینین لەساتەوەختی شەر و پەلاماری کامەران بۆ مەنسور کەوەك خوێندکارێکی زانکۆ پیشاندراوە ، بەچەقۆ ، ئەم واتە ( مەنگوڕ ) خەیاڵی لای پەلامارو هەڵمەتی کامەرانەو بۆ ســـاتێکی کورت دەیگەرێنێتەوە بۆ ســـەردەمی لاوی خۆی ، نەك بیر لەوە بکاتەوە نەهێڵێت

شەڕبکەن یان مەنسور چەقۆی بەربکەوێت ، لەمەش زیاتر ئەو چێژ لە ساتەوەختی بریسکانەوەی چەقۆی دەستی کامەران و لێدانی لە مەنسورو کەوتنی بە زەویدا ،دەبینێت و دەیباتە جیهانێکیتر، تا خوێن دەبینێت ئەو ساکە دە ستی دەگرێت و ناهێڵێت دووبارە لێی بداتەوە (( ..نەیویست دەستی بگرێت ، بەردەوام حەزیدەکرد ئەو هەڵچونە جانەوەر ئاساییە ببینێت ... جگە لەوەی سەیری بکات هیچی نەکرد , پیچشتر شەڕی کامەرانی سەلمای بینیبوو ، ئەو پەلامارە کوتوپڕو لەناکاوانە دڵیان خۆشدەکرد ...بەڵام وەك لەناکاو بووبێت بە بینەرێکی خۆشحاڵ ، شاڵاوی کامەرانی سەلمای دەبینی ، بریسکەی چەقۆکەی دەبینی ، کەوتنەخوارەوەی مەنسوری ئەسرینی لە سەر کورسییەکەی دەبینی ، گرمۆڵەبوونی جە ستەی ئەو گەنجە بالابەرزەی لە زەویەکەدا دەبینی ، تاخوێنی سەر چەقۆکە نەکەوتە بەرچاوی نەجوڵا ))(٣٤). دواتر شارەزایی و لێهاتوویی ئەومان بۆ دەردەکەوێت لە چەقۆوەشانداو زیاتر ئازاردان بەلایەوە چێژبەخشە نەك کوشتن ، (( لەدڵی خۆیدا گوتیی ، خوای گەورە ئەم هەتیوە زۆر نەفامانە دەیوەشێنێت ، زۆر بێمێشکانە ، وانابێت )) (٣٥)، دواترو دوای ئەم بیرکردنەوەو خەیاڵانە هۆشی دێتەوە بەرو لەکاتی دووبارە وەشاندنەوەی چەقۆکەدا ، دەستی کامەران دەگرێت (( لەو ساتەدا کە کامەران دە ستی بەرزکردەوە ، بۆ ئەوەی دووەم چەقۆ لە کەلەکەی چەپی مەنسوور بدات مەنگوڕی بابە گەورە هۆشی هاتەوە خۆی و پەلاماری دەستیدا و گوتی (تۆ چ جانەوەرێکیت کامەرانی سەلما کەقەت فێری چەقۆ وەشاندن نابیت .. چ حەیوانێکیت ) )).(٣٦)

٨-دوو ڕەفتاری دژبەیەك لەیەك کەسدا (چاك و خراپ ):

سەبارەت بە کۆبوونەوەی دوولایەنی ( چاك و خراپ ) لەم کەسایەتیەدا ، ئەو دەقانەی کەپێشتر وەك بەڵگەی تێڕوانینەکامان هێنامانەوە بەشێکی زۆریان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم کەسێتیە لەلایەك کەسێتیەکی شەرانگێز و ڕتاوانەو لەلایەکی تریشەوە مرۆڤێکە دەیەوێت هاوکاری هاوڕێیەکی بکات کە پێویستی پێیەتی ، ئەوەی کە جێی سەرنجەو دەمانەوێت لەبارەیەوە بدوێین ئەوەیە کە ئەم کەسێتیەبەگشتی وەك کەسێکی شەرانگێز و خراپ پیشان دەدرێت و ڕووداو وەسفی کەسێتیەکەشی بەتایبەت لە ڕابردوودا هەربەو ئاراستەیەیە ، بەڵام لەناکاو خوێنەر ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی دەبێتەوە ، کەوەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە ، چاوەڕوواننەکراوەوخوێنەر پێشبینی ئەوەی لێناکات کەبەو جۆرە ئەو هەموو قوربانییە بدات لەپێناو (کامەران) دا ، تووشی شەڕببێت و تاڵانی دزی بکات تاکو پارەی بۆ پەیدا بکات ، ژیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە بەکاری قاچاغچێتی مەشروبەوە . هەموو ئەمانە دەمانخاتە بەردەم ئەو ڕایەی کە تایبەتمەندیەکی سایکۆپاسیکی لەم کەسیەتیەدا بەدی بکەین .

ئەنجام:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشوینەتە چەند ئەنجامێك، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاریان بکەین

١-کەسێتی سایکۆپاسیك کەخۆی لە کاراکتەری ( مەنگوڕی بابەگەرە) دا بەرجەستەدەکات ، زادەی کەسێتیەکانی نێو کۆمەڵی کوردییەو لەنمونەی ئەو کەسانە بوونیان هەبووە بۆیە نووسەر وەك کاراکتەرێك بەرجەستەی کردووە.

٢-کەسێتی سایکۆپاسیك ، کەسێتیەکی ئاسایی نییە ، بەڵکو ئاڵۆزەو بەئاسانی لێی تێناگەیت ، بەبڕوای ئێمە نووسەر وەك پیشاندانی تونایەکی باشی خۆی لە خوێندنەوەی دەروونی ئەو جۆرە کەسایەتیدا ، بەرجەستەی کردووە.

٣-کەسێتی (مەنگوڕی بابەگەورە ) گەرچی لەرووکەشدا وەك پاڵەوانێکی سەرەکی نێو ڕۆمانەکە نابینرێت ، بەڵام بەبڕوای ئێمە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لە ڕۆمانەکەدا هەیەو بزوێنەری زۆربەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە ،هەرئەمەشە وایکردووە نووسەر تاکۆتایی ڕۆمانەکە بیهێڵێتەوەو بەردەوام بێت ، نەك وەك هەندێکیتریان لەچەند دیمەنێکی کەمدا ڕۆڵ دەبینن و دەرناکەونەوە .

٤-کاتێك ڕۆمانەکە دەخوێنینەوە ، کاراکتەری (مەنگوڕی باباگەورە) جیاواز لە هەموو کاراکتەرەکانیتر دەردەکەوێت و ئەوەشی کە ئەم تایبەتمەندییەی پێبەخشیوە ئەوەیە کە خاوەن کەسێتیەکی سایکۆپاسیکییە.

پەراویزەکان:

(١)احمد الکردی ،ماذا تعرف عن الشخصیە السیکوباتیە، ص٣(

(٢ )د.فيصل محمد خير الزرداد ،الامراچ العصابيه و الژهانيه و الاچگرابات السلوكيه ،ص١٨٩ .

(٣ )د.فيصل محمد خير الزرداد ،الامراچ العصابيه و الژهانيه و الاچگرابات السلوكيه ،ص١٩٠ .

(٤ )الصحه النفسيه فى چوو علم النفس، د.محمد عوده و اخرون ، ص٣٧٠.

(٥)احمد الكردى ،ماژا تعرف عن الشخصيه السيكوباتيه، ص٧.

(٦)د.محمد عوده و اخرون ، الصحه النفسيه فى چوو علم النفس و الاسلام،ص٣٧٠

(٧)ا.على راجح بركات ، ماژا تعرف عن الشخصيه السايكوباتيه ، ٢١.

(٨)د.درى حسن عزت، الگب النفسى ،ص١٢٦.

(٩)د.درى حسن عزت، الگب النفسى ،ص١٢٦.

) (١٠)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل ٥.

(١١)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٦.

) (١٢)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٦.

) (١٣)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٦.

) (١٤)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٦.

) (١٥)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٩.

(١٦)د.سعد جلال ، فى الصحه العقليه الامراچ النفسيه و الانحرافات السلوكيه ،ص٣٤٩.

(١٧)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٣.

) (١٨)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٣٧.

) (١٩)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٣٨.

(٢٠)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل ١١.

(٢١)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١١.

(٢٢)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٣٧.

(٢٣)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٣٩.

(٢٤)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل ٤٠.

(٢٥)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٣.

(٢٦)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٣.

(٢٧)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٣٩

(٢٨)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٢٥١.

(٢٩)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٦.

(٣٠)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٧١.

(٣١)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٦.

(٣٢)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل٦.

(٣٣)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٤

(٣٤)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٤

(٣٥)كۆشكى باڵنده غەمگينەكان ل١٤

(٣٦)کۆشکی باڵندە غەمگینەکان ل١٤

سەرچاوەکان:

کوردی

١-بەختیار عەلی ، کۆشکی بالندە ،باڵندە غەمگینەکان ، رۆمان ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠٠٩.

٢-د. بسام قگوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی رەخنەی نوێ, وەرگێڕانی د. محمد تاتانی, ٢٠١١.

٣-خەمۆکی ،د.عەبولسەتار ئیبراهیم ، وەرگێڕانی تریفە محەمەد ئەحمەد ،چاپخانەی شڤان ،سلێمانی ، ٢٠١٣.

٤-د.عەلی وەردی، کەسایەتی تاکی عێراقی، ،وەرگێڕانی محەمەد ئەحمەد ،چاپی یەکەم ،٢٠١٥.

٥-هێزی بیرکردنەوە ،د.ئیبراهیم فەقێ ،وەرگێڕانی هیلال سابیر کەولۆسی،سلێمانی ،چاپی سێیەم ، ٢٠١٤

عەرەبی

١-احمد الكردى ،ماڗا تعرف عن الشخصيه السيكوباتيه، ...

٢ -ستيفت كوفى ،العادات السبع للناس الاكپر الفاعليه ،مكتبه جرير ،الرياچ ،٢٠١٠.

٣ -د.سعيد المغربى ،المجنون ، مكتبه القاهره ، ١٩٦٧.

٤ -د.سعد جلال ، فى الصحه العقليه الامراچ النفسيه و الانحرافات السلوكيه ،دار الفكر العربى ، قاهره،١٩٨٦.

٥-د.درى حسن عزت، الگب النفسى ، دار القلم ، الكويت ، ١٩٨٦ .

٦-عبداللگيف السلمى ،تعريف الشخصيه السيكوباتيه و صفاتها ،المملكه العربيه السعوديه ،٢٠٠٩.

٧-ا.على راجح بركات ، ماڗا تعرف عن الشخصيه السايكوباتيه ،جامعه ام قرى ، ٢٠٠٩.

٧ -د.فيصل محمد خير الزرداد ،الامراچ العصابيه و الڗهانيه و الاچگرابات السلوكيه ،دار القلم ، الكويت ، ١٩٨٤ .

٨ -د.محمد عوده و اخرون ، الصحه النفسيه فى چوو علم النفس و الاسلام ، دار القلم ، الكويت ،١٩٩٤.

٩ -د.مصطفى فهمى، الصحه النفسيه، مكتبه الخانجى ، قاهره ، ١٩٧٦.

١٠ د.محمد خليفه بركات ، عيادات العلاج النفسى و الصحه النفسيه ،دار القلم ، الكويت ، ١٩٧٨.

١١ -نبيله الحافض ،شيطان فى صوره الانسان ،مجله الحواو ،٢٠١١/٩/١٩.

ئەنتەرنێت

١- https://ar.wikipedia.org.wiki.

٢- www.almarefh.net

الملخص:

ان هذا البحث الموسـومةب((الشـخصـية السـايكوباتية في رواية (الطيور الحزينة) للروائي بختيار علي )) قراوة تحليلية نفسـية لاحدي الشخصيات الموجودة داخل هذا العمل الروائي المسمات ب(مةنطوري بابة طةورة ) هذا الشخصية تتميز عن بقية الشخصيات الاخري التي تلعب و دورها في هذه الرواية بان لها حضور متميز من ناحية كونها معاكسة لبيئة الاجتماعية و معقدة ،و المتلقي لا يستطيع ان يفهمها و يدرك مكامنها بطريقة مباشرة ،لانه ليس بالمقدور التكهن بسماتها و ملامحها فهي تحمل في اعماقها جملة من المتناقضات فقد راينا فيها الكرم و الســخاو من جانب و العدوانية و العدائية من جانب الاخر ،لهذا لايمكن فهمها الا بعد قراوة متفحصــة دقيقة مع دراسة بعلم النفس ،من اجل تحليل نفسيتها ولا يخفي عن القاريو ان مثل هذه الشخصية توضع في خانة الشخصية السايكوباتية .ومن خلال هذاالبحث توصلنا الي ان عمل الكاتب في اختيار و انتقاو شخصياته كان قصديا، لانه اراد من خلالهم ايصال رسالة معينة للمتلقي ،لذا اثر اختيار شخصياته من داخل واقع المجتمع الكوردي محاولا بيان مقدرته الروائية من جهة وكيفية تعامله مع شخصياته بحسب علم النفس من جهة اخري

Abstract

This research is under the tile of ( psychopathic character in Bakhtyar Ali's Novel of *the Castle of the Mournful Birds*). It is a psychological study for the personality of one of the characters of the novel whose name is " Manguri Ba Ba Gawra" . This psychopathic character is different from form all the other characters of the novel as he behaves differently and opposite to the society that he lives in. his personality and place cannot be understood directly because it cannot be seen in his behavior but keeps it in his inner side contradictions, generosity in one hand and being aggressive in the other. That's why it is not easy to understand his personality unless there is a psychological study like this that helps the reader know that such a character is a psychopathic one.

Through the research it is realized that the researcher has chosen such a character on purpose so as to give the reader a specific message. The selection of such a character in Kurdish society shows the ability of the writer in one side and how to behave with him in the other side psychologically.

**دور الدين في ترسيخ القيم الاجتماعية:إحترام كبار السن نموذجاً**

**(دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)**

**الباحثة:**

**نياز عزالدين محمد**

**مدرس مساعد في قسم علم الاجتماع**

**جامعة السليمانية**

فهرست

الفصل الأول

الجانب النظري للبحث

المبحث الاول: - الإطار العام للبحث

أولاً: مشكلة البحث.

ثانياً: أهـــــمية البحث.

ثالثاً: أهداف البحث.

رابعاً: النظرية الموجهة للبحث

المبحث الثاني:

اولا: مفاهيم الــبحث.